# هاوڕێ عەلی خەلیفە

# بۆ خەلیفەی حزب

# باشتر دەستی دەدا ، نەک گومانی لێ بکرێ



تێدەچی مانگێک بێ، بووبم بە پێشمەرگە، لە زاری هاوڕێیەکی جامانەسەری جیاواز لەوانی دی، وامدەزانی خەڵکی شارە و تازە

فێری هونەری جامانە پێچانەوە بووە، من خۆم درەنگ رێم تێچووە ئەو هونەرە، هەبوو پێی دەوتم فەقێیانە مەیبەستە، ئەوە چییە دەڵیی تەپاڵەت ناوەتە سەر! بوونی جامانە، لای زۆربە پێویست بوو، نیمە مەرجێکی پێشمەرگایەتی بوو، جاری وا هەبوو، ئەو پێشمەرگانەی کە سەریان ڕوتبوایە، وەک ئەو ژنانە وێنایان دەکرا کە سەرپۆشیان لەڕێی کانی لەسەر نەبوو، ئەوە سمێل تاشین هەر خەوشێکی گەورەی دیار و زەق، نەدەکرا بتراشرێ ، بەو کەسانە دەگوترا دەمڕوتەکان، لەو سێوسێنانەی قەرەداغ، ژنێک بە هاوڕێیەکی گوت، هۆ دەمڕوتەکە، چون شەرم ناکەی! ئەو ڕیزە تووکەی نیوان لوت و دەم، پیوەرێکی مێرخاسی جەنگاوەرەکان بوو، ورگیشت هەبایە، ناوەکەت پتر سەرنجی دەبردەوە. بەداخەوە من لەوەشدا بێ سەرمایە بووم ، لاوازێکی جیقن، وەک هەندێ کچی درواسێمان لە سلێمانی بانگیان دەکردم..

نامەوێ ئەو هاوڕێ خەلیفەیە لە نێوی باسی کەدا ونکەم، چەند وشەیەکی نوێی کوردیم لەو هاوڕێیە بیست، لەوانە: ئەورە، گەرە، جمێن هەبی و معین، بیگە و هی دیش. یەکەم جار وامزانی خانەقینیە و زۆر نیە، بە زمانی لای ئیمە ئاشنا بووە. بۆ منێکی لە سلێمانی گەورە بوو، ئاسان نەبوو وا بیانزانم..
هاوڕێیەکی عەرەب هاتە لامەوە، گوتی: هێندە مەچۆ کن ئەو پیاوەی، زۆر عەشاییەر و لە خۆرا قسان دەکا! هاوڕییەتی مەلاعەلی و بەهادین نوری، دەرکراویش دەکا..
وتم: مەگەر هاوڕێ نیە؟
وتی:با، بەڵام زۆر زاربازی کردوە و ڕاپۆرتی لەسەر نوسراوە و وەک ماری زستانێ، لە کاری حزبی سڕ کراوە، دەبێ کاژەکەی فڕێ بدا، تاکو ژەهری نەگرێتە کەس، پێشمەرگەی دژی سەرانی خۆمان

هانداوە، هەتا بلێی لە ترۆتسکی لارتر. زۆر تێنەگەیشتم، بەلام دواتر هاوڕێیەکی خەڵکی زەنگەنەمان  هەبوو، ڕونیکردەوە، کە ئەو خەلیفەیە، وەک عەلی کوڕی ئەبو تالیب بە سیاسەتی خولەفاکانی حزب ڕازی نیە، بۆیە چی دەڵێ، دەکرێتە ڕاپۆرت و بەرزدەکرێتەوە، هەر وشەکانی ئەوانیش نا، ئەوانەشی کە گوێی لێ دەگرن و  بێ دەنگن. بەینی خۆمان بێ، زۆرکەسی خۆشنووسیش هەیە. لەو دەمەیڕا، زانیم ئیدی منیش کەوتمە داوی ئەو دادنوسانەی شاخەوە..

مەسەلەی راپۆرت نوسینم زۆر لا سەیربوو، یەکسەر هۆشم چوو بۆ لای کارە سیخوڕیەکانی  دەزگای کەیجیبی. لەدۆڵێکی ڕەق، کە پێڕێ مرۆڤی تیابێ، کاری هەندێکیان لە ڕاپۆرت نوسین تێ نەپەڕی، ناویشیان نابێ خەباتی چینایەتی،  تووشی رامانی کردم. مانگێکە لەورەم، لەو دۆڵە بێ هەتاوەی کەڕەچاڵ، خۆم نەگرت،  لە هاوڕێ ئەحمەدی لالۆم پرسی کە ڕاپۆرت چییە؟ وتی: جارێ بە قوزمانەوە، دوای ماوەیەکی دی دەیزانی، هاوڕێ حەمەساڵح قەرەچەتانییەک لەوێ بوو، زۆر پێکەنی، بۆی سەندەوە، راستدەکا، جارێ بە قوزمانەوە. ئەو هاوڕی چەتانییە خەڵکی گوندی چەتانی پشت پیرەمەگرون بوو، بیستم دواتر، لە داخی ئەو خەلیفانە، عەلی خەلیفە نا، خۆێ رادەستی حکومەت کردەوە، بەڵام سالی ١٩٨٩ لە سەردەشت بینم ترێی بەسەر عەرەبانەوە دەفرۆشت، ئەحمەد لالۆش، هەر ئەوساڵەی من بووم بە پێشمەرگە، ئیدی لەوساوە نەم دیتەوە. مەراقم بوو وەڵامی (ئەو بە قوزمانەوە) بزانم ، بە داخەوە کە ئەوان لە بنکەدا نەمان، چیدی کەسیش باسی ئەو قوزەی نەکرد. هەر چەندە باسیی مێیینە لەو شاخە، هەر مێینەیەک دی، لە وتەکانی مارکس و ناوی بەرزانی، پتر کرِیار و جەماوەری هەبوو..

لەو ساتەوە، تێگەیشتم، کە بۆچی عەلی خەلیفە بەردەوام گازندەی لەو حزبە دەکرد، وام دەخوێندنەوە ، تورەییم بە نیگاکانییەوە دەبینی، بۆی بکرایە بە گاز چی سەرکردەی خۆپارێزبوو، تۆپەڵە گۆشتیان لێبکاتەوە. ماوەیەک تێپەڕی، چێتر ئاشنای ئەو خەلیفەیە بووم، دەرکەوت کە چوار کوڕی هەیە و هەمگیانی، کردگەتە پێشمەرگە، دەستبەردای ژیانی ماڵ و منداڵیشی بووە، نەک وەک هەندێ سەرکردە، لەوانە فاتح رەسوڵ، هەر کە بەعس چاو زیتکردەوە، هەموو منداڵەکانی بە بەرچاوی خەڵکی هەژارەوە، چاو لە دەهای سەرکردەی وەک عەزیز موحەمەد، رەوانی بەهەشتی لینین کرد.

ڕۆژێک، لەبەردەم چێشتخانەکەی بنکەدا، مانگی یەک بوو، بەفر و باران پێکەوە، وەک دوو نەیار دەبارین، هەندێ جار کلۆرە بەفرەکان دەکەوتنە سەر دلۆپە بارانەکان و جارجاریش بە پێچەوانەوە. مام عەلی خەلیفە گەرم بوو بوو، باسی شەڕی پارتیزانی دەکرد، من و ئەو چەند هاوڕییە گوێمان شلکردبوو، کونجکڕێن بووم کە بزانم، بۆچی تەمەنی حزبەکەی ئێمە، وەک هاوڕێ خەلیفە، پەنجا ساڵە و هێشتا نەیتوانیوە دەسەلات بگرێتە دەست و لەبەردەم هێزێکی وەک یەکێتیدا، چۆن لە پشت ئاشان وا  بە ئاسانی چۆکی دا بوو. پام نا بە دڵی خۆمدا، ئەو پرسیارەم لە خەلیفە بێ نازەکەی گەرمێن کرد، خەلیفە، وتی: وەلامەکە زۆر ئاسانە، چەند لەم پێشمەرگانەی ئەم بنکەیە دەزانن تفەنگ بتەقێنن، چەندی دیکەیان شارەزای دۆڵەکەی ئەو دیون، چەندی وەک ئەبو لینا، بێ لایت شەوانە دەتوانن بڕۆن و کۆمەڵە شتی دی...
لەو چەمە ڕەقەی، کە بەراست، تاک و تەرا نەبێ گورگیشی تیا نەبوو، پانزە ڕۆژ جارێ کۆبونەوەیەکی شانەیی بێ ئەنجامان

دەکرد، ئێمە لە ئەشکەوتێ، کە ئەنباری چەک بوو، وەک مرۆڤی سەرەتایی لەبەردەم چرایەکی دوکەڵ دەردا، گرد دەبووینەوە، سەرکەوتنی بزنە ڕێ بوو، هاوڕی ڕێبازی بێ سیم(مخابر) و هاوڕێ حەمید لەوێندەرێ دەژیان. هاوڕێ سەرچڵێک کە تەنها لە پیس و پۆخلێ و خۆ نەششتندا سەرچڵ بوو، بەرپرسی شانەکەمان بوو، هەندێ جار هێندە بۆنی دەهات، خەریک بوو، لە بەر ئەو بۆنەی ڕقم لە مارکسیەتیش بکەوێ، بە چاوێکی سەیرەوە تەماشایەکی منی کرد، وەک ئەوەی تاوانێکم لێی بخوێنێتەوە. ئەو سەرچڵە، کە هەرگیز نەشی دەوێرا بچێتە سەرچڵێک، جانتایەی گچکۆکەی وەک جادوگەرەکان هەبوو، بە قسەی خۆی، نیوەی مێژووی حزبی لە وێندەری، وەک دوعایەکی گەورە، پێچاوبوو بە چەند نایلۆنیکەوە. جارێکیان لە بیری چوبوو لە کوێی داناوە، وەک ئەوەی جادوەکانی بەتاڵبووبێتەوە، خەریک بوو شێت و هاربێ. ئەو سەرچڵە سەیر بوو، ئێوارەیەک لە ژێر بەتانیەکەیدا خرمەی دەهات، یەکەم جار وامانزانی مشک پەلاماری داوە، کە پەتوەکەیمان هەڵدایەوە، سەیردەکەین بەدزییەوە بسکیت دەخوا، وای دەکرد بۆ ئەوەی بەشی کەس نەدا..

کۆبونەوەکە، بە لیستەیەک خاڵی مێژوویی کرایەوە، سەرەتا: هاوڕی ئارام بزانین چۆن فەرمایشتەکانی عەلی خەلیفەی، دوژمنی حزبمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەو ئێوارەیە ئاوی ساردم پێ بکرایە، هەر ئەوەندە تەزو لەشمی دەلەرزان، ڕوم کردە ئەو سەرچڵە بسکیت خۆرە و وتم: خەلیفەی چی و عەلی چی، خۆ ئێرە کەربلا نیە؟ وتی: هاوڕێ کۆمۆنیستانە بدوێ! با ، دیسان باسی خراپەی حزبی کردوەتەوە، تۆش لەوێ بووی، هاوڕێ! دەبێ ئیمە ریکخستنی پۆلاییمان هەبێ! ریزێک ڕستەی فەهدی دا بە سەرو گوێیمدا، ئەوانی دیش، بەڵێ! بەڵێ! وایە. هەڕەشەشم لێکرا، کە ئەوە کاردەکاتە سەر ئەندامیەتیم.

که خۆم پێ نەگیرا و هەڵچووم، سزایەکم خوارد، که بەشداری کۆبونەوە داهاتوەکانی دی نەبم، بۆ ئاشتبونەوەم، هادی مەحمودی دەسکەلای ئەبو لینایان کردبووە ڕەیش سپی، بەلام تاماوەیەک هەموویانم پشت گوێ خست.
کۆبونەوەکە تەواو بوو، بەلام دەها پرسیارم لا دروست بوو، لە وانە پرسیاری گومانکردن لەیەکێک کە بەماڵ و منداڵەوە پێشمەرگەی حزبێک بێ و ببێتە جێگەی گومان، گومانێک کە حزبێک دەسەڵاتی بە سەر دۆڵێکدا نەبێ دەها مرۆڤ لە پێناویدا قوربانی بدەن و دابێتیان.
سەرباری ئەوەی کە عەلی خەلیفە بە پێی یاساکانی ئەو حزبە، خەلیفەیەکی گوماناوی بوو و زارهەراش، بەڵام گەورەترین ئەزمونی پێ بەخشیم، کە باشتر تفەنگەکەم بناسم، ڕێگەکان شارەزابم و شەوانەش بتوانم ئەنگوستە ببەزێنم. من هەر ئەوسا گومانم کرد، کە ئەو گومانە هەڵەیە، ئەوانەی خۆشنوسەکانیان ڕاسپاردبوو، خۆیان جێگەی گومانن، عەلی خلیفە هێندە دلسۆز بوو، کە ماجدی کوڕی وەک شێر لە شەڕی تازەشاردا(١٩٨٨) پەلاماری داگیرکەرانی دەدا، سەرباری ئەوەش، ئەبو ڤیانی کوڕی یەکێک بوو لە قارەمانەکانی دوای ئەنفال، کە ئەویش، شابازێکی گەرمەسێری باشوور بوو، دەبوو بە پێچەوانەوە بێ، ئێمەی سەربازی شەترنجی حزب، گومانمان لەو سەرکردانە بکردایە، کە لە سێبەری خۆیان دەسڵەمینەوە.

ئاسۆ بیارەیی
لە سەد هەسارەی یاداشتەکانەوە
کەڕەچاڵ زستانی ١٩٨٤ باشووری کوردستان

بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە تەنها مافی نووسەرە